

# بەرپرسێکی رۆژنامەنووسانی بێسنور لە فەرەنسا بارزانی ئیحراجکرد

## مەسعود بارزانی بە تورەییەوە وتی:
## "سەردەشت عوسمان رۆژنامەنووس نەبوو، قوتابی بوو"

لڤین: ئا/ کەمال چۆمانی

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا لە فەرەنسا، لە وەڵامی پرسیارێکی رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوری جیهانیی، ئەوە رەتدەکاتەوە سەردەشت عوسمان رۆژنامەنووس بووبێ، بەڵکو قوتابی بووە.

سووازیگ دۆڵێت، بەرپرسی دێسکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقا لە رێکخراوی نێودەوڵەتیی پەیامنێرانی بێسنور، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ گۆڤاری لڤین رایگەیاند: "لە وەڵامی پرسیارێکی مندا دەربارەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان لە هەولێر، مەسعود بارزانی بە پرسیارەکە نیگەرانبوو و رەتیشیکردەوە سەردەشت عوسمان رۆژنامەنووس بووبێ."

مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە سەردانێکی رەسمیی لە رۆژانی ١٤ تا ١٧ی حوزەیران لە فەرەنسا بوو، ئەو چاویکەووت بە نیکۆلاس سارکۆزیی سەرۆکی فەرەنساو بەرنارد کۆشنێری وەزیری دەرەوەو جێرارد لارچەری سەرۆکی سینات.

سووازیگ دۆڵێت ئاشکرایکرد وەک بەرگریکردن لە ئازادیی رۆژنامەنووسیی لە کوردستانی عێراقدا، نامەیەکی بۆ هەرسێ




سەرۆکە سیاسەتمەدارەکەی فەڕەنسا ناردووە بۆئەوەی لای مەسعود بارزانیی ئاماژە بەوە بکەن کە ئازادیی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان لە دوای تەموزی ٢٠٠٩ەوە بەرەو دواوە چووەو چەندان رۆژنامەنووس ئازاردراوونو لێیاندراوەو هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە.

رۆژی ١٧ی حوزەیران، کاتژمێر ١٢:٣٠ بە کاتی پاریس لە 'کاپێ' (Centre d'accueil pour la Presse étrangère) سەنتەری پرێسی دەرەوە، مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی بەست.

سووازیگ دۆلێت رایگەیاند: "من لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکە بەشداریمکردو چەند پرسیارێکم لە مەسعود بارزانیی کرد ئەو ئاشکرایکرد "بە مەسعود بارزانییم گووت 'هەموو کەس دەڵێ بارودۆخی ئەمنیی لە کوردستان باشترە لە تەواوی عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا، بارودۆخی ئازادیی رۆژنامەوانیی تەواو لەگەڵ ئەمە جیاوازە.

لە رۆژی شەشەمی مایسدا، لاشەی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانی ٢٣ ساڵ، لە موسڵ دۆزرایەوەو بەر لە دوو رۆژیش لە هەولێر رفێندرابوو. لە دیسەمبەری ٢٠٠٩دا، ئەو وتارێکی لە سایتی ئەلیکترۆنی کوردسانپۆستدا نوسیبوو (من وتارەکەم لابوو پیشانی ئامادەبووانم دا. ئەو وتارە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی فەڕەنسییو لە رۆژنامەیەکی فەرەنسیی بە ناوی "courrier international" بڵاوکرابووەوە).
هێزە ئەمنییەکانی پارتەکەی تۆ، پارتیی دیموکراتیی کوردستان، هەولێر کۆنترۆڵدەکەنو بەرپرسیارێتیی هەولێریان لەسەر شانە. کوڕەکەت، مەسرور بارزانی، سەرۆکی هێزە ئەمنییەکانی پارتیی دیموکراتە. تۆ دەربارەی ئەمە چی دەڵێیت؟'"

سووازیگ بەردەوام بوو وتی: "مەسعود بارزانی وا وەڵامی منی دایەوە:" من ئەوە رادەگەیەنم کە ئاستی ئازادیی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرزە، ئەوە ئازادیی رۆژنامەنووسییش دەگرێتەوە، من سەرنجەکانی خۆم لەسەر یاسای رۆژنامەنووسیی بۆ پارلەمان نارد، ئێستا پارلەمان پێویستە ئیشی لەسەر بکات، پێویستە ئەوەش راستبکەمەوە کە سەردەشت عوسمان رۆژنامەنوس نەبوو، ئەو خوێندکار بوو."

سووازیگ درێژەی بە گێڕانەوەی دەقی قسەکانی مەسعود بارزانیی دا "من پێشتر ئیدانەی ئەو کارەم کردو ئێستاش هەر ئیدانەی دەکەم، بەرپرسیارێتیی ئێمە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە بکەین، من کۆمیتەیەکی سەربەخۆم دەستنیشانکردووە بۆ جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوەو بەدوواداچوون. کەس ناتوانێ کەس تاوانباربکا بەبێ سەلماندن."

**لە هۆڵی کۆنفرانسەکەدا وتارەکەی سەردەشتیان بەزمانی فەڕەنسی خوێندەوە کە یەکێک لە رۆژنامە فەڕەنسییەکان بڵاوی کردبووەوە**

سووازیگ باسی لەوە کرد کە مەسعود بارزانی نموونەیەکی لەسەر فەڕەنسا هێناوەتەوەو وتوویەتی "چۆن کەسێک دەتوانێ داوای ئەنجام لە دوای تەنها هەفتەیەک لە ئێمە بکات، لەکاتێکدا پۆلیسی فەرەنسیی توانای نەبوو وەڵامێک بداتە ئێمە سەبارەت بە کوشتنی نوێنەری ئێمە لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٩٦. دا "

ئەو ئەوەشی راگەیاند کە پرسیارێکی دیکەی ئاراستەی مەسعود بارزانیی کردووە دەربارەی ئەو نامەیەی کە خۆی وەک رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوری جیهانیی ئاراستەی مەسعود بارزانیی کردووە، دەربارەی ئەو پێشێلکارییانەی کە هێزە ئەمنییەکانی پارتیی دیموکراتیی کوردستان، بەرامبەر رۆژنامەنووسی ئازادو سەربەخۆ ئەنجامیانداوە، بەڵام مەسعود بارزانی وتی:" نامەکەم بە دەست نەگەیشتووە".

سووازیگ دۆلێت بیریهێنایەوە کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەموزی ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستان نامەیەکیان



## بارزانی لە فەڕەنسا کەوتە بەر ڕەخنەی ڕۆژنامەنوسانی بیانی لەسەر تیرۆر ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان

ئاڕاستەی مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانیی کردووەو ئەوکاتیش لەڕێی ئیمەیڵەکانەوە ئاگادارکراونەتەوە کە نامەکە دەگەیەننە شووێنی مەبەست.

سووازیگ ئەوەشی ئاشکراکرد کە لە مانگی داهاتوودا، ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوری جیهانیی، سەردانێکی چەند ڕۆژە بۆ کوردستانی عێراق دەکەنو سەردانی دەستەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. ئەو هیواشی خوواست کە چاویان بکەوێت بە پۆلیسو دەزگا ئەمنییەکانو بەرپرسە باڵاکانو لەناویشیاندا مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

سووازیگ نیگەرانییەکانی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوری جیهانیی لەمەڕ ئەو هەڕەشانەی لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان دوپاتکردەوە. ئەو ئاشکرایکرد کە هەوڵەکانیان چڕتر دەکەنەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو هەڕەشانە.

(پەیامنێرانی بێسنور) ڕێکخراوێکی جیهانییە و لە هەر پێنج کیشووەرەکەی جیهان ئامادەیە. لقی هەیە لە وڵاتەکانی (نەمسا، بەلجیکا، کەنەدا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، سووێد و سوویسڕا). ئۆفیسیشی هەیە لە نیویۆڕک، تۆکیۆ و واشینتۆن، و زیاتر لە ١٢٠ وڵاتیش پەیامنێری هەیە.

(پەیامنێرانی بێسنور) سەرەڕای ئەو کاریگەرییە نێودەوڵەتییەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیی بونی هەیە، لە هەمان کاتیشدا، زۆربەی پێشێلکارییەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنوسان و ئازادیی ڕادەربڕین لە دونیادا بڵاودەکاتەوە و بەدوواداچونیان بۆ دەکات. ئەمەش کۆدەنگییەکی گشتیی کۆمەلگەی نێودەوڵەتیی لەسەر وڵاتە دروستدەکات ڕای گشتیی دەبزووێنێت.

(پەیامنێرانی بێسنور) ساڵی ٢٠٠٥، خەڵاتی شاخرۆڤی پارلەمانی ئەوڕوپای بۆ ئازدیی بیرکردنەوە بردەوە.

**ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوری نامەیەکی ئاڕاستەی مەسعود بارزانیی کردووە، دەربارەی ئەو پێشێلکارییانەی کە هێزە ئەمنییەکانی پارتیی دیموکراتیی کوردستان، بەرامبەر ڕۆژنامەنووسی ئازادو سەربەخۆ ئەنجامیانداوە**